# جەماوەری کوردستان لە نێوان فەسادی ئیداری و گوللەی کوردیدا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

نارەزایەتی جەماوەری کەلار ، دژ بە فەسادی ئیداری بە پێ ی هەواڵێکی ئەمرۆ 07-09-2005 ی سایتی پەیامنێر کوژراو بریندراری لێ کەوتۆتەوە . نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئەم دیاردەیە گەشەیەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە ، کە قابیلی ئەوەیە ، لە دوای ئەم ئەزموونەی شارۆچکەی کەلارەوە بە هەڵوێست و لێکدانەوەی تردا بیخوێنینەوە ، لە بەر ئەوەی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە لە هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەوەندەی بە گوللە باران و چاوسورکردنەوەو دەرکردن ی لە وەزیفە وەڵام دراوەتەوە ، ئەوەندە ریفۆرم و چاکسازی بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە یا بەلای کەمی بە سنورداناں بۆی وەڵام نەدراوەتەوە . ئایا سەرکوتی خوێناوی بۆ ئەم جۆرە لە خەبات بەمانای ئەوە نیە کە بونیادی دەسەڵات خۆی مشەخۆری سەرەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی ئەم دیاردەیە ؟ ئایا لە بەرامبەر سەرکوتدا ، کام تەکتیك لە پاڵ دەیان موستەلزماتی مەیدانی هەرەس بە شێوازی ئەم سەرکوتە خوێناویە دەهێنێ ؟ ئەم بزوتنەوەیە لەکام گۆشەوە پەیوەندی یان خزمەتێکی راستەوخۆ بە ( رای گشتی ) و بە گەشەی مەدەنیانەی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە ؟ بیانوی ئەمنی بۆ سەرکوت یان قەدەغە کردنی چالاکیە جەماوەریەکاندا بە چ هەڵویستێك دەکرێ مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ ؟

ئەم پرسیارانە زادەی بیری هیچ کەسێك نییە ، ئەمە ئەو گرفتە سەرەکیانەیە ، کە لە کوردستان خوێنی لە سەر دەرژێ و گوللەی کوردیانەی خۆماڵی لێ سەرف دەکرێ ، فەسادی ئیداری لە کوردستان ئەوەندە بە هێزە کە لە رووقایمی و لە بێ شەرمیدا رووی ئەو دیاردەیەی لە رووسیا و لە سوریا و لە فەلەستین سپی کردۆتەوە ، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان هەموو چرکەیەك لە ئیدارە کردنەکەی ، هەموو سودبینینێك لە هێزی چەکدار ( پۆلیس ، ئاسایش ، هتد ) خزمەتی راستوخۆیە بە گرەوەی مانەوەو لێ خواردن لە بەروبوم و لە سەرتاپا چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە .

بۆ دەسەڵات کۆمەڵگە پرۆژەیەکە بۆ مۆنۆپۆل کردنی هەمیشە ، هەر کاتێکیش دەنگێکی تر لە بەدەنی ئەو کۆمەڵگەیە دژ بەو مۆنۆپۆل کردنە هاواری لێ بەرز بێتەوە ، رووداوێکی وەکو ئەوەی شارۆچکەی کەلار چاوەروانی دەکا . دەسەڵاتی کوردی لە ساڵی 1991 وە کەڵبە لە خێروبێراتی ئەم کۆمەڵگەیە گیر دەکا ،لە ئەنجامی ئەم مێژووە لە دەوری ئەم دەسەلاتە ، لە پەنای هەژموونی حیزبەکانیان توێژێکی تر لە هەمان چینی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندەکان دروست بووە ، کە لە رێگای کۆنترۆلی سیاسیەوە ژەنەراڵەکانی دوێنی ی شاخ ی کردووە بە بزنسمانەکانی ئەمرۆ ، دەوڵەمەندەکانی دوێنێشی بە پرۆسەیەکی خێراتر دەوڵەمەنتر کردووە ، ئەمان هەر هەمووی بە میسۆدی کارتێلی ئابوری – سیاسی گەورە لە سەر تواناکانی ئەم کۆمەڵگایە بە بەردەوام خەریکی تازە کردنەوەو کەلەکە کردنی بەرژەوەندەن .

هەر چاودێری کردنێکی جەماوەری ، هەر چاو پیاخشانێکی مەدەنی و یاسایی بۆ ئەم مۆنۆپۆل کردنە وجودی نیە ، ئەگەر هەوڵێکی جدی دەست پێ بکا هەر لە ئیمزا کۆ کردنەوە یان رژانە سەرجادە ، بە مانای بێ بەش کردنی ئەم توێژە لەو ئیمتیازاتەی لە 14 ساڵی رابردوو لە رێگای حوکم کردن و بیروکراتی ئیداریەوە بە دەستی هێناوە ، شەری خوێناوی و سەرکوت لە سەر تەنازول نەکردن لەو ئیمتیازاتە ، بە ئەکیدی سیستەمەکە دەیکا بە وەزیفەی ( پۆلیس و ئاسایش ) ، بەلام جیاوازی جەماوەری کوردستان لە گەڵ ئەم وەزعەی دەسەلات لەوەدایە ، کە بزوتنەوە جەماوەریەکە ئیمتیازاتێکی نەماوە شەڕی لە سەر بکا ، جەماوەر شەڕ لە سەر مانەوەیەك دەکا کە شیاوی ئەوەبێ ناوی لێ بنرێ ژیان ، لە نێوان ئەم دوو لۆژیکە جیاوەزەدا ، دوو مێژوو لە بەردەمدایە ، یان ئەوەتا جەماوەری کوردستان لە داهاتووی خۆیاندا قبوڵی هەمان مێژووی رابردویان دەبێ ، یان ئەوەتا بزوتنەوەیەکیان دەست پێ کردووە بۆ گۆڕان ، بۆ دروست کردنی مێژوویەکی تازە دەیکەن بە پۆستی تازەی هەر هەموومان .
ئەم بزوتنەوەیە پێویستی بەوەیە هەرەس بە پلان و بە شێوازی سەرکوتی خوێناویانەی دەسەڵات بێنێ ، ئەم هەرەس پێ هێنانە بە گرتنە بەری چەند هەنگاوێکی عەمەلی دەست پێ دەکا ، کە زیاتر خزمەت بە دوو ئامانج دەکا ،
یەکەمیان/ هەنگاوی مەدەنیانە بۆ بنەبڕ کردنی هەموو شێوازەکانی توندو تیژی ، دووەمیان/ حازر کردنی ئەو زەمینەیە کە هێزە چەکدارەکانی دەسەڵات هیچ بیانوویەك لە دەستیان نەمێنێ بۆ پەنا بردن بۆ توندو تیژی و تەقە ، ئەم هەنگاوانە دەکرێ ئەزموونی عەمەلی خەڵکی کوردستان شتی تری بۆ زیاد کەن ، من ئەم هەنگاوانە لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینمەوە :

1- نەفرەت لە بەکارهێنانی هەموو جۆرێك لە توندو تیژی . تەنانەت لە بەکارهێنانی بەردباران کردنیش ، من دەزانم بۆ زوڵمێك کە خۆپیشاندەران بە دەستی هێزە چەکدارەکانەوە دەیبینن ئەم قسەیە نامەعقول دێتە بەرچاو ، بەلام بەشێکی گەورەی نەهامەتی نەوە لە دوای نەوەی ئێمە لەوەدایە کە ئێمە بە حوکمی سیستەمە میلتیاریە حاکمەکانی سەرمان پەروەردەی دەستی کۆمەڵگەی دڵڕەقی و توندو تیژین ، ئێمە لە کۆمەڵگایەك ژیان بەسەر دەبەین کە چەکدار لەسەر شەڕە بەفری منالان منالی داوەتە بەر گوللە ، خۆ موتوربە کردن و خۆ پەروەردەکردن بە شێوازی مەدەنی وئاشتیانە ، تەنانەت لە گەورەترین خەبات و پڕۆژەی سیاسیدا یارمەتی دروست کردنەوەی بونیادی ئاشتیانەی کۆمەڵگە دەکا .

2- پارێزگاری کردن لە دام و دەزگا گشتیەکانی دەوڵەت . قوتابخانەکان ،وەزارەتەکان ، دائیرەکان موڵکی کۆمەڵگەیە ، دەستدرێژی و تالانی بۆسەر ئەم شوێنانە روویەکی ناشیرن و دزێو دەداتە خەباتی رەوای جەماوەری .

3- گشتی کردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە ، ئەوەی بینیومانە هەر جارەی لە شوێنێکی کوردستان ئەم بزوتنەوەیە سەر هەڵدەدات و سەرکوت کردنەکەی و فەرامۆش کردنەکەی ئاسان بووە بۆ دەسەلات .

4- دامەزراندنی رێکخراوێکی گشتی ، کە ناوێکی گونجاو بۆ ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە هەڵبژێرێ ، تەنیا بۆ نموونە وەکو رێکخراوی ( مافی چاودیری جەماوەری) رێکخراوی ( ریفۆرمی ئیداری جماوەری) ، ئەم شێوازە لە بزوتنەوەی دژ بە فەسادی ئیداری دیاردەیەکی جیهانیەو دەکرێ سودی گەورە لە ئەزمونەکانی تر وەربگیرێ .بە تایبەتی شێوازی یاسایی بۆ ئەم خەباتە زۆر گرنگە ، ئەلتەرناتیڤێکی زۆر گونجاوترە لە هەڵچونە خۆ بەخۆیەکان .

5- بانگ کردن و ئاگادار کردنەوەی میدیاو دەزگای راگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوە ، کە دەتوانێ وەکو ئامرازێك بەکاربێ دژ بە بێ دەنگی و ئامادە نەبوونی تەلەفزیۆن و میدیای سەر بەدەسەڵات ، تەرخان کردنی کەسانێك کە راپۆرت بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سایتە کوردیەکان بنێرن و دەستدرێژیەکانی هێزە چەکدارەکان بۆ سەر خەڵکی سیڤیل و بێ تاوان دۆکیومێنت بکەن .

6-

ئەم بزوتنەوەیە لەم گۆشەوە دەتوانێ خزمەت بە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە بکە کە دەستەواژەی ( دیموکراسی ) لە دەستەواژەیەکی کەمالیاتی سیاسیەوە دائەگرێ بۆ گرەوی کێشە گەرمەکانی کۆمەڵگە ، ئەم بزوتنەوە جەماوەریە دەتوانێ بە گرتنە بەری ئەم شێوازە مەدەنیانەیە بۆ خەبات دەسەڵات راکێشێتە سەر مێزی دەیالۆگ و مێزی مل دان بە بەرژەوەندیە گشتیەکان .

بیانوەکانی دەسەلات و هێزە چەکدارەکانی زۆرە بۆ سەرکوتی ئەم بزوتنەوەیە ، کە دیارترین بیانوو ( باررودۆخەکەمان ناسکە ) و قسەی سواوی تری لەو بابەتە کە رۆژانە بەرپرسەکانیان دووبارەی دەکەنەوە ، وەڵامی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە بە ئاشکرا دەبێ لە پلاتفۆرمەکانیدا رەنگ بداتەوە ، ئەم جەماوەرە دەبێ لە بەرامبەر دوژمنانی سیاسی ئەزموونی کوردستان بە هەموو رەنگەکانیەوە بە ئاشکرا رایگەینێ کە ئەم بزوتنەوە جەماوەریەی کە حاڵی حازر خوێن دەرژێنێ لە شەڕی دژ بە فەسادی ئیداری دەسەڵاتی کوردی ، هەر هەمان ئەو جەماوەریە کە لە 98% دەنگی داوە بۆ جیابوونەوەی کوردستان ، ئەمە بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم دەسەڵاتی کوردی کە پروپاگەندەی ئیعلامی دژ بەم بزوتنەوەیە ساز بدا ، هەروەها بەر بەستێکی گەورەیە لە بەردەم میدیای ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیقلیمی کە بیانەوێ ئیستیفادەی ئیعلامی لە چالاکیە روو لە سەرەکانی ئەم بزوتنەوەیە بکەن .

ئەم بزوتنەوەیە دەتوانێ لە گرەوی ئەوە دابێ ، دەستەواژەی ( رای گشتی ) خەڵك بکاتە ئامراز و کلیلی گۆڕان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ، گرنگە لە وردو درشتی چالاکیەکانی خۆیدا ئەندێشەی سەرەکی پارێزگاری لە گیانی هاوڵاتیان و بنیات نانی کۆمەڵگە بێ ، مێژویەکی تازە لە بێدار بوونەوە و دوورکەوتنەوە لە حیکایەت و لە ئەفسانەکانی دەسەڵات دەستی پێ کردووە زۆر گرنگە ئەم دەست پێ کردنە مێژوویەکی تازەش بێ بۆ تەریك کردنەوەی توندو تیژی .